**ئه نجومەنی دادوەری**
**ژماره :١٢٢ له ٢٠١٥/٢/٢٣**

## فـەرمـان

ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (٧) لە ٢٠١٥/٢/١٧وە پشت بە نووسراوی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٥٠١٩/٣/٤) لە ٢٠١٤/١٢/٢٨ وە نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٢٣٧٤٦) لە ٢٠١٤/١٢/٤ ، وە لەبەر پێویستی ناحیەی باتیفا لە سنوری پارێزگای دهۆك بەکردنەوەی دادگا ، وە پشت بە حوکمی مادده/١٤ - چوارەم لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیاردرا بە :-

١- کردنەوەی ( احداث ) دادگای بەرایی (باتیفا) لە مەڵبەندی ناحیەی باتیفا.

٢- ئەو دادگایە سەر بە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆك دەبێت.

**أحمد عبدالله زبير**
**ســەرۆکی ئه نجومەنی دادوەری**

---

**وەزارەتی داد**

### بەیانی ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٥

- ئاماژە بەنوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٦٢٦/٥) لە ٢٠١٥/٣/١وە پاڵپشت بە ماددەی (٣٦) لە یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو بڕیارماندا بە :-
- ئەنجامدانی ( تحرير التمهيدى ) بۆ مولکی ژمارە (٣ ك ١٠٢ کەلار) .

**سـنـان چـلبی**
**وەزیــری داد**